# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (١٩٢) لە ٢٠٢٢/١٢/٢١

پشتبەست بە حوکمەکانی بڕگەی (٣) لە ماددەی (٨) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و پشتبەست بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٩٩) لە ٢٠٢٢/١٢/٢١، و لەسەر پێشنیاری دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە بە نووسراویان ژمارە (١٥٧) لە ٢٠٢٢/١٢/٦، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. پەسەندکردنی پێشنیار و ڕاسپاردەکانی دەستە و ئەنجومەنی پاراستن و چاککردنی ژینگە بە نووسراویان ژمارە (١٥٧) لە ٢٠٢٢/١٢/٦ کە ئاڕاستەی سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران کراوە تایبەت بە کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی گۆڕانکاریی کەشوهەوا.

٢. گرنگیدان بە ئەنجومەنی باڵای پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان کە بە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٠ پێکهاتووە لە نوێنەری وەزارەت و دەستە پەیوەندیدارەکان کە پێویستە وەزارەتەکان لە ڕێگەی ئەو ئەنجومەنە باڵایەوە هاوکاریی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە بن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی دەستەکە لە پاراستن و چاککردنی ژینگە و پێویستە نوێنەرەکانیان پابەند بن بە ئامادەبوون لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنەکە.

٣. ڕاسپاردنی سەرجەم وەزارەتەکان بەپێی تایبەتمەندیی و لە چوارچێوەی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی بواری ژینگە و گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا پرۆپۆزەلەکانیان ئامادە بکەن بۆ بەدەستهێنانی تەمویلی پرۆژەکانی دەستە لەم بوارەدا کە لەلایەن ئەنجومەنی پاراستن و چاککردنی ژینگە پەسەند دەکرێن، و ڕاسپاردنی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە گرنگیی زیاتر بە هاوئاهەنگیکردن لەگەڵ وەزارەتی ژینگەی فیدراڵ بدات.

٤. سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**